# ئەدەبی سۆڤیەتی

ماجد عەلائەدین

وەرگێڕانی: زانیار عەلی

چەمکی «ئەدەبی سۆڤیەتی»، کە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ سەریهەڵدا، ئەدەبی گەلانی نێو خاکی یەکێتیی سۆڤیەت یەکدەخات و پێکەوەیان گرێ دەدا، کە ژمارەیان لە سەد نەتەوە زیاتر دەبوون و، لەنێویاندا زمان و ڕەوشت و مێژووی جیاواز هەبوو. ئەدەبی ئەو نەتەوانە پێشکەوت، تاکو وایلیێهات، بە حەفتا زمانی جیاواز دەقی ئەدەبی چاپ ببێت. کرۆکی باسەکانی ئەو دەقانە، یەکێتیی ئایدۆلۆژیا و بەهای مرۆڤ و جوانی بوو، کە پێکەوە ئەدەبی سۆڤیەتیان لەو سەردەمە پێکهێنا.

نوسەرانی سۆڤیەت، لە گەل و نەتەوە جیاوازەکان، لەڕێگەی ئەدەب و هونەرەوە، کاریان دەکرد بۆ بەگژداچوونەوەی بۆرژوازیی. بەڵام ئەم ئەدەبە، ڕاستەوخۆ دوای شۆڕشی ئۆکتەر نەهاتە بوون، بەڵکوو لە سەرەتاوە کێشە و ئاریشەی زۆری تووش بووەوە. ئەوەیشمان بیر نەچێ؛ ناوەڕۆکی هزر و داڕشتن و کەرەستە و، ئەو شتانەی دیکەی پەیوەستن بە ئافراندنی ئەو دەقانە، پەیوەندیی بە پێشڤەچوونی مێژووی ئەو گەلانەوە هەبوو، لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابوری، لەنێو چوارچێوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا. بەڵام ئەوەیشی بۆ زیاد بکە؛ ڕۆشنبیریی گشتیی نەتەوە جیاوازەکانی سۆڤیەت، لە پلەیەکی بەرزی دژوارییدا بوون. ئەگەر یەکێتیی سۆڤیەت توانی بڕیارێک دەربکات، کە شۆڕش ئافراندن و واقیع بەدیبهێنان، ئەوا بابەتی ئەدەب و هونەر، لە نەتەوە جیاوازەکاندا ناتوانێت بە سانایی جێی خۆی بکاتەوە، بەهۆی ئەو کێشە دەروونی و ڕۆشنبیرییانەی هەریەک لەو نەتەوانە دووچاری بووەنەوە. بۆیە پێش هەموو شتێک، ئەو پێویست بوو، جیاوازیی هەستپێکراوی نێوان ئەو گەلانەی لە یەکێتیی سۆڤیەت بەشدار بوون، بسڕێتەوە،

کە شەش- یەکی وشکاییان پێکدەهێنا! لای هەمووان ئاشکرایە، کە ئەدەبی ڕووسی لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، سەرکەوتنێکی زۆری وەخۆوە بینی، لەژێر دەستی بنووس و شاعیرانی وەک « پوشکین – لێرمەنتۆڤ – گۆگۆڵ – تۆرگنێڤ – دۆستۆیڤسکی – تۆڵستۆی – چیخۆف – گۆرکی – زۆری تریش». ئەم نوسەرانە، بە نووسینەکانیان کاریگەرییان لەسەر گەلانی نزیکیان هەبوو، چ لە ڕووی جوگرافی و چ لە ڕووی نەتەوەییەوە. بۆیە دەقەکانیان سنووری ڕووسیای بڕی و گەییشتە شوێنە دوورەکانی جیهان.

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێ؛ کۆمەڵەی یەکەمی ئەدیبانی سۆڤیەت، کە دوای شۆڕش کاریان بۆ داڕشتنی تێزێکی تایبەتی ئەدەبی سۆڤیەت دەکرد، لە گەل و نەتەوە جیاوازەکان بوون، لە چەشنی« گۆرکی – بیدنی – سیراڤیمۆڤیچ – ئۆبێت – ئاگۆبیان – ئاردوبادی – کۆلاخیمیتۆڤ – سیڤۆلین – گابییڤ – گادییڤ – سەعیدۆڤ – ڤێرتانین – هی تریش». هەر لەو ماوەیدا، ژمارەیەکی زۆری ڕەخنەگری ئەدەبی دەرکەوتن، وەک « لۆناچارسکی – ڤاردۆڤسکی – شاومیان – میاسنیکیان – ناریمانۆڤار – ماخارادزە - هی تریش». دوای شۆڕش و، وردتر دوای جەنگی ناوخۆ (١٩١٧ – ١٩٢٢)، لە فۆرمە نوێکەی ئەدەبدا، کە ئەدەبی سۆسیالیستیی سۆڤیەتییە، نوسەران ئەرکی ئاوێزانکردنی سیاسەت و ئابووری بە ئەدەب و، دەرخستنی تامی ژیانی کرێکارانەیان، گرتە ئەستۆ. ئەمیش شانبەشانی شاعیرە شۆڕشگێڕەکان، لە پێشووی هەموویشیانەوە «مایاکۆڤسکی»، کە بە شاعیری شۆڕگێڕ ناسرا، هەستا بە چالاککردن و کۆکردنەوەی ئەو چیرۆک و شیعر و ڕۆمانانەی، کە تا دەهات لە خەیاڵ دوور و، لە ڕاستیی نزیک دەبوونەوە. لێرەوە کاری ئەو ئەدیبانە، هەوڵدان بۆ جوانکردنی ژیان بوو، کە بەهۆی جەنگی ناوخۆوە خوێنێکی زۆر ڕژابوو.

لەم قۆناغە ئاڵۆزەدا، هەندێکی دیکەی نوسەرانی ڕووس، هەڵوێستێکی پێچەوانەی شۆڕشیان هەبوو و، دژی دەوەستانەوە. بۆیە بەشێکیان شاربەدەرکران و بەشێکی دیکەیشیان چوونە دەرەوەی ڕووسیا، پاش ئەوەی لە نەگەڕانەوەی ڕووسیای قەیسەرییی دڵنیابوون، لەوانەیش « بۆریس باستەرناک – ئانا ئاخماتۆڤا – ماندێڵشتام ».

یەکێک لەو شتانەی ببوونە تەگەرە لە هەمبەر ئەدەبی سۆسیالیستیی یەکگرتووی گەلانی سۆڤیەتدا، نەیارەکان بوون. دەیانویست هەستی ویژەڤان و شاعیران بکڕن و درووشمەکانی شۆڕش بشێوێنن، بەڵام نوسەرانی سۆڤیەت، بەچۆک نەهاتن و کاریان لەسەر تەبایی و هاوڕێیەتی و  زیادکردنی خۆشەویستیی نێوانیان دەکرد،

بۆیە بە شێوەیەکی باش دەستیان هەبوو لە پووچەڵکردنەوەی ئەو هەوڵانە و تەقاندنی ئەو دومەڵە نەتەوەیی و ئایینییەی کە مێژوو درووستی کردبوو. هەروەها کاریگەرییان هەبوو لەسەر دانانی سیاسەتی گونجاو بۆ چارەسەکردنی بابەتە نەتەوەییەکان و بچووککردنەوەی جوداوازیی ڕۆشنبیری و ئابوری، هەروەها دانانی درووشمی " ئەدەب و هونەر لە خزمەتی گەلدان! ".

لە بیستەکانی سەدەی بیستەم، کۆبوونەوە و بزاڤی ئەدەبیی زۆر پێکهێنران، وەک « ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی پرۆلیتاری – برایانی سیرابیۆنۆڤ لە ڕووسیا – شوێنکەوتووە نوێیەکانی ئۆکرانیا – گروپی ئەکادیمیی جۆرجیا – هی تریش ».

مایاکۆڤسکی ڕۆڵێکی زۆری هەبوو، لە لەدایکبوونی شیعری شۆڕگێڕی و، بەرەوپێشبردنی پێش و پاش شۆڕش. بە قەسیدە توندڕەوئامێزەکانی بەرامبەر نەیارانی شۆڕش، ناسراو بوو. شاعیرگەلێکی بەناوبانگی دیکە، لەگەڵیدا کۆک بوون و کاریاندەکرد. لە چەشنی «تینشین – چارڤیتس – تاکتاش – ڤیرگۆن – هی تریش»، پێکەوە کاریاندەکرد لەسەر دەربڕینی هەست و هزری مرۆڤی هاوچەرخ، بە زمانێکی سادە کە هەموو خەڵک لێی تێدەگەییشتن. ئەم حاڵەتەیش لە شیعرەکانی «دیمیان پیدنین -  سێرگی یاسەنین»، بە ڕوونی دیارە. لەوانەیە باشترین کۆمەڵە شیعر لە سەرەتاکانی درووستبوونی یەکێتی سۆڤییەت نووسرابێ، یارۆی ڕووسی بێ لە سالآنی ١٩٢٥.

بەلآم لە بواری ئەدەبی داستانیی - ڕۆمان و چیرۆک -، لە بیستەکان کۆمەڵە دەقێک نووسران، کە تەواو پشتیان  بە ڕێبازی ڕیالیزمی سۆسیالی دەبەست، بۆیە بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی ئەو ماوە، بووە هەوێنی ئەو نووسینانە و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەبوون. دەتوانین تێبینیی ئەم قسانە بکەین، لە چیرۆکی «ڕووخان – گادییڤ ١٩٢٧» هەروەها « چیمەنتۆ – گلادکۆڤ ١٩٢٥»، پاشان «زەوی – چۆرنی ١٩٢٨»، لەگەڵ «ڕەگە قووڵەکان – ئیبراهیمۆڤ». هەروەها چاپبوونی بەرگی یەکەمی ڕۆمانی «دۆنی ئارام – میخائیل شۆلۆخۆڤ ١٩٢٨»، دیاردەیەکی باشی گەشەکردنی ئەدەبی سۆڤیەتیی بوو، چونکە شۆلۆخۆڤ توانیی باسێکی دەقاودەق و ڕاستیی ژیانی «کۆزاک»ـەکان بکات، لە ناوچەی «دۆن». هەروەها لە ڕۆمانەکەیدا، ئەو ململانێ مێژووییەی نێوان کۆن و نوێ، لە چوارچێوەی ڕووداوەکانی شۆڕش، کە بابەتی نوێی هێنایە گۆڕێ، باسکردووە. چونکە ئەو کاتە مرۆڤ، دەبوو لەنێو ئەو حاڵەتە ئاڵۆزەی کەس دەرەنجامەکەی نەدەزانی، خۆی یەکلایی بکاتەوە بەرامبەر شۆڕش، ئایا یار یان نەیارێتی؟ هەروەها دەبوو بڕوا بە لەدایکبوونی مرۆڤی نوێی کردبا، کە ژمارەیەکی زۆر لە نوسەران و شاعیری سۆڤیەت، باسیان لێوە کردبوو.

بەستنی کۆنگرەی یەکەمی نوسەرانی سۆڤیەتی، لە ساڵی ١٩٣٤، خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو لە ئەدەبی سۆڤیەتی. تێیدا «دەستووری باڵای یەکێتیی نوسەرانی سۆڤیەت»ڕۆنرا و، ئاماژەیان بەوە دا؛ کە ڕیالیزمی سۆسیالیستی، قوتابخانەی سەرەکیی داهێنانی هونەری و ئەدەبییە. ڕیالیزمی سۆسیالیستی، بەوپێیەی لە کۆنگرەکەدا هاتووە، واتە «وێناکردنی ڕاستیی لە ڕێگەی گەشەکردنە شۆڕشییەکانییەوە و، دروستکردنی نێوەندگیرییەک، لەنێوان ڕاستی و وردبینی مێژوویی لەو وێنە ئەدەبییانەی هەڵگری ڕاستی و هزرن، ئەمیش لەبەر پێگەیاندنی خەباتگێڕەکان لەسەر ڕۆحی سۆسیالیستی». هەر لەو کۆنگرەیەدا، جەخت لەسەر نزیکیی ئەدەبی گەلانی نێو سنووری یەکێتیی سۆڤیەت کرا و، داوایان لێکرا پابەند بن بە فۆرمە نوێکەی وێژە و ئەدەب.

مەکسیم گۆرکی، ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە دروستکردنی فۆرمە نوێکەی ئەدەبی سۆڤیەت. کارە وێژەییەکانی، بوونە بناغەیەک بۆ دامەزراندنی ڕیالیزمی سۆسیالیستی، هەر لە کارە ڕۆمانسییەکانەوە لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەم، تا دەگا بە ڕۆمانی «دایک» و شانۆنامەی «لە چاڵەکەدا» و «دوژمنەکان»، کۆتا کارەکانیشی کە وێناکردنی ژیانی خۆی بوو، وەک «منداڵییم» و، «لەنێو خەڵکدا» و، «زانکۆکانم»، ئەمانە و لەپاڵ چیرۆکەکانی لە چەشنی « کاری خێزانی ئارتامۆنۆف » و، «ژیانی کلیم سامگین» و زۆری تریش. لە بیست و سییەکانیشدا، کۆمەڵێکی نوسەرانی سۆڤیەت، کارەکانیان لە ئەدەبی منداڵاندا چڕ کردەوە، لە دیارترین ئەو کەسانەیش « مایاکۆڤسکی –چۆکۆڤسکی – مارشاڵ – بارتۆ – میخالکۆڤ». هەروەها «نیکۆڵای ئاسترۆڤسکی»، لە پەڕتووکی «پۆڵامان کوتا»، کە لە ١٩٣٤ بڵاو بووەوە، ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا، لە پەروەردەکردنی گەنجان لەسەر ڕۆحی شۆڕش و بەرگەگرتن و بەرخوردان و ئارامگرتن هەمبەر دژوارییەکان، کە یەکێتیی سۆڤیەت لە قۆناغەکانی یەکەمییدا دووچاری بووەوە.

لە کۆتایی سییەکان و چلەکاندا، لەگەڵ پێکدادانی سیاسی و هێزەکانی سۆڤیەت لەگەڵ نازی و فاشیستەکانی ئەورووپادا، کۆمەڵێک لە نوسەرانی سۆڤیەت، لە بەرهەمەکانیاندا، دەستیانکرد بە بانگەشە و نوێکردنەوەی خۆشەویستیی نیشتیمان و ڕۆحی شۆڕش و، بەرزڕاگرتنی نەبەردی و پاڵەوانیی و بەرخودان، لە جەنگی دژ بە فاشیزمدا. گرنگترین شاعیرانی ئەم قۆناغە، بریتیبوون لە « سۆرکۆڤ – سیمۆنۆف – لۆگۆڤسکی – تیچین – موسا جەلیل ». تەنانەت هەندێکیان لە جەنگیشدا بەشداربوون و ژمارەیەکیان لێ شەهید بوون، لە پێشەنگی ئەو نوسەرە شەهیدانەیش « گایدار –ئالتاوزن – ئاوتکین – کریمۆڤ – لابین – پترۆڤ – موسا جەلیل – ئاشاکۆڤ – هی تریش».

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، چارەنووسی بەشێکی زۆری نەتەوەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی لێک نزیک کردەوە، تاکو وایلێهات، ئەستەم بێت لەنێو پەرتووکی هەر نەتەوەیەک لە یەکێتی سۆڤیەت، یەکێک بدۆزیتەوە باس لە شۆڕش و جەنگی دژ بە فاشیزم نەکات! ئەمە ڕێخۆشکەر بوو بۆ دۆزینەوەی فۆرمێکی نوێ و دەوڵەمەند و پڕتر لە ئەدەبی سۆڤیەتیی، کە دواتر بە «ئەدەبی جەنگ» ناوبرا. لەم شێوە نوێیەیدا، باسوخواسی پاڵەوانێتیی جەنگاوەرانی سۆڤییەت لە بەرەی جەنگ و، دەستکەوتی جووتیارەکان لە جەنگی ناوخۆ و، قوربانیدانە جەستەیییەکانی گەل، دەخرایە ژێر باس. هەندێکیش لە دەقەکانیاندا، باسیان لە کەسە دەروونەخۆش و ترسنۆکەکان بەرامبەر ئاستەنگەکان، هەروەها خیانەت و ناپاکی، دەکرد. وەک ئەم حاڵەتە لە کورتەڕۆمانی « چارەنووسی ئادەمیزاد – شۆلۆخۆڤ»، دەبینین، کە ڕۆحی پاڵەوانێتی و زیان و ئازاری جەنگاوەرێک لە بەرەی جەنگدا دەگێڕێتەوە. وێدەچی جوانترین دەقی نووسراو لەسەر جەنگ، شانۆنامەی «سەنگەر – کارنیچوک ١٩٤٢ »، هەروەها « قلێشان – لیۆنۆڤ ١٩٤٢ »، دواتریش «خەڵکانی ڕووس – سیمۆنۆڤ ١٩٤٢ »، ئینجا « داستانی کیرۆڤ لەگەڵمانە - تیخۆنۆڤ ١٩٤٠ »، پاشان «ڕۆمانی ڕابەر – کۆلیشکۆڤ ١٩٤٣ »، دوا دانەیش « ڤاسیلی تیۆرکین –تڤاردۆڤسکی ١٩٤١ / ١٩٤٥ » بێت.

گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، هەموو ئەو کارە ئەدەبییانەی لە کاتی جەنگ و پاش ئەوەیشدا نووسراون، لە دەوری بابەتی پاڵەوانێتیی جەنگاوەر و شۆڕش و جوامێری دەخولێتەوە، دیسانەوە نمونە بۆ ئەمە ڕۆمانی «دارستانی ڕووسی – لیۆنۆڤ»، هەروەها ڕۆمانی «ئەوان نیشتیمانیان دەپاراست – شۆلۆخۆڤ».

لە کۆتاییی پەنجاکان، تا دەهات نوسەرانی سۆڤیەت، لەژێر کۆتوبەند و سیاسەتی کۆیلایەتییکردن بۆ تاک، کە لە سەردەمی ستالیندا هەبوو، ڕزگاریان دەبوو. تێبینیی ئەم قسەیش لە داستانەکەی« تڤاردۆڤسکی »ی شاعیر دەبینرێت، بەناوی « لەپشت دوورییەوە، دوورییگەلێک هەن»، کە تێیدا باسی چارەنووسی یەکێتیی سۆڤیەت لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی و، جیاوازیی سیاسی و ڕێگەکانی چارەسەر و بنەبڕکردنی، دەکا.

لەو سەروبەندەدا و، لەنێو کارە ئەدەبییەکانی تایبەت بە جەنگ و شۆڕش، کۆمەڵێک نوسەری دیکە لە کۆتایی سییەکان دەرکەوتن، کە گرنگییان بە بابەتی خەیاڵی زانستی دەدا لەنێو چیرۆکەکانیاندا. لەو ماوەدا کۆمەڵە کارێک دەرچوون، کە باس لە گەردوون و ئەستێرە و پەیوەندیی نێوان هەسارەکان و، جیۆلۆجیا و

دۆزینەوە زانستییەکان دەکات، وەک ڕۆمانەکانی «بازێک لە بۆشاییدا – بلیاییف ١٩٣٣» هەروەها، «ئەستێرەی سپێدان –ڤۆلکۆڤ ١٩٥٧» دواتر، «خوشکی زەوی – مارتینۆڤ ١٩٥٩» پاشان، «زەویی گەرم –کاندیبا ١٩٥٠» ئینجا «نهێنییەکانی دوو زەریا – ئادامۆڤ – ١٩٣٩».

هەنووکە لە بەناوبانگترین نوسەرانی سۆڤیەتیی زیندوو، « جەنگیز ئایتماتۆڤ »، خاوەنی ڕۆمانەکانی « جەمیلە - یەکەم مامۆستا – مالاوا گولسَاری – زەویی دایک –کەوڵ»ـە و، ژمارەیەکی زۆریان کراونەتە عەرەبی. هەروەها نموونەی نوسەری دیکە وەکوو شاعیری داغستانی « ڕەسوڵ حەمزەتۆڤ – یڤتوشینکۆ – ڕاسپۆتین »ـە.

لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم، دوا قۆناغی ئەدەبی یەکێتیی سۆڤیەت بینرا. کە هەوڵدان بوو بۆ کرانەوە بەڕووی قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییەکانی دیکەدا. دواتر ڕەخنەگران بەقورسی ڕەخنەیان لە ئەدەبی جەنگ و شۆڕش گرت و، بەوە ناوزەدیان کرد، کە دراوەتە پاڵ حیزب و ڕێگەیەکی تەسک و تەنگەبەری ئایدۆلۆژیی هەڵبژاردووە. بۆیە لەو سەروبەندەدا، کۆمەڵێک نوسەر دەورکەوتن، دەیانویست کار لەسەر کاڵکردنەوەی ئەو مێژوو و پتەوکردنی داهاتووی ویژەی سۆڤیەتیی بکەن، بەڵام شکستی یەکێتیی سۆڤیەت، لە ساڵی ١٩٩١، کۆتایی بە دوا هەوڵی نوسەران دا و، جارێکی تر نەهاتنەوە سەر ئەو پرۆژەیە.